# نیشانەکانی نووسین

نیشانەدانان لە نووسیندا لە پێویستیەکانی هەر زمانێکە کە لە ڕاستیدا سنوور و پێوانەی ڕستەکان و شێوە و ئاهەنگی هەر ڕستەیەک لە گەڵ مانای ڕستەکان ڕێک دەکات .

کاتێک لە نووسیندا بنەمای نیشانەدانان لە چاو نەگیرێن، نە تەنیا جوانی و ڕێکوپێکی ڕستەکان تێکدەچن، بەڵکوو ڕستەکان مانای خۆشیان لەدەس دەدەن. بۆیە لێرەدا حەول دەدەین هەندێک لە نیشانە گرینگەکانی نووسین شرۆڤە بکەین.

**خـــاڵ .**

دانانی خاڵ لە کۆتایی ڕستەدا بە مانای ئەوەیە کە ڕستەکە تەواو بۆت و لە کۆتایی ڕستەی خەبەریدا خاڵ دادەنرێت، هەروەتر خاڵ ڕستەی خەبەری لە ڕستەکەی دوای خۆی جیا دەکاتەوە.

نموونە: کوردستان جوانترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

**کۆما (ویرگول) ،**

کۆما نیشانەی ڕاوەستانێکی ساتی و کورتە لە ناو ڕستەدا؛ ئەو ڕاوەستانە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕستەدا خۆیدەنوێنێ و پێش تەواو بوونی ڕستەکە بەتەواوی بۆ جیا کردنەوەی ڕستەی سادە لە ناو ڕستەی ئاوێتە (ناسادە) دا، یان بۆ جیا کردنەوەی وشەگەلی یەک بەدوای یەکدا دادەنرێ.

نموونە: لەناو کوردان نەبوو پەیمان شکاندن، لە کێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

**کۆمای خاڵدار ؛**

کۆمای خاڵدار نیشانەی ڕاوەستانە لە نێوان دو ڕستەی ناو خشتەیەک لە نووسیندا کە ماناکەیان پێوەندی بە یەکترەوە هەیە. لە کۆمایخاڵدار دا پێوانەیٚ ڕاوەستان کەمێک درێژترە لە ڕاوەستانی دوای کۆما.

نموونە: وەک ئاشکرایە نووسراوە کوردیەکانی ئێستا تەنیا بەم ئەلفوبێیە بڵاو نابنەوە، بەڵام ئەوەی کە لەم نووسراوەیەدا باسی لێدەکەین؛ ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی واتە ڕێنووسی ئارامیە.

Copyright © Kurdi.fi

### نیشانەی سەرسووڕمان !

ئەو نیشانەیە لە کۆتایی ڕستەی سەرسووڕمان و ڕستە یان وشەی ئەمریدا بەکار دەهێنرێ، جاری وایە کە وتەکە زۆر سەیر دەبێ دوو یا چەن دانەیەک لەم نیشانەیە ( !!!) دادەنرێت.

نموونە: ئەم دیمەنە چەند دڵ بزوێنە!

چ ژنێکی ئازایە!

بڕۆ!

بنووسە!

### نیشانەی پرسیار ؟

هەر وەکی دەزانرێ ئەو نیشانەیە لە کۆتایی ڕستەی پرسیاریدا دادەنرێ.

نموونە: بۆچی کارەکەت تەواو نەکرد؟

هەوا چۆنە؟

### دووخاڵ :

ئەو نیشانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناو ڕستەدا بەکار دەهێنرێت. هەروەتر لە دوای ڕستەیەک دادەنرێت کە ڕستەکەی دوای خۆی یان نووسراوەکەی پێش خۆی شرۆڤە دەکات.

نموونە: دەخورێ گۆشتی نیە، هەڵدێ لاقی نییە : ( ئـاو ).

ژوان وتی: حەوتەی داهاتوو تاقیکردنەوەی زانکۆم هەیە و ناتوانم بێمەوە بۆ پۆلی کوردی.

### کەوان ( )

هەر کات بمانهەوێ هاومانای وشەیە یان ڕستەیەک لە پەنا خۆی بنووسین، دەتوانین بە بێ هیچ شرۆڤەیەک ماناکەی لە پەنا خۆی لە ناو کەواندا بنووسین، یان کاتێک کە دەمانهەوێ مانای ڕستەیەک یان بەشێک لەو ڕستەیە بە وشەیەک دەرببڕین لە کەوان کەڵک وەردەگرین. جاری واشە کە دەمانهەوێ لێکدانەوەیەکمان لە سەر وشەیەک، ژمارەیەک یان ڕستەیەک هەبێ لە کەوان کەڵکک وەردەگرین.

نموونە: نەپێی هەیە نە پانی، بە هەموو ماڵان دەزانێ: ( پووڵ و پارە ).

Copyright © Kurdi.fi

**جووتکەوان (( )) یان گیومە " "**

هەر کات بمانهەوێ ناوێکی تایبەتی یان وشەیەکی گرنگ لە ڕستەدا دیاری و دەسنیشان بکەین، یان هەرکات بمانەوێ قسەی ڕاستەوخۆی یەکێک لە ناو ڕستەیەکدا بنووسینەوە؛ یان ئەگەر نووسراوەی کەسێکی ترمان وەک دۆکومێنت لە ناو نووسراوەکانمان دا هێناوە دەتوانین لە جووتکەوان یان گیومە کە ئاماژەکەری گێڕانەوەی مەبەستێکە کەڵک وەربگرین.

نموونە: (( نەورۆز )) جەژنی دێرینی کوردانە و (( کریسمەس )) جەژنی دێرینی ئەورووپیانە.

**چفتە (کرووشە)، نیشانەی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە [ ]**

بۆ لێکدانەوەی چەمک و مەبەستێک لە ناو ڕستەدا یان لێکدانەوە و قسەکردنی زیاتر بۆ گەیاندنی مانای نووسراوەیەک لەو نیشانەیە کەڵک وەردەگیرێ. هەروەتر کاتێک لە پەراوێزی نووسراوەیەکدا وتەیەک دەگێڕدرێتەوە یان دۆکومێنت و بەڵگەی نووسەرێک زیاد دەکرێ؛ لە چفتە کەڵک وەردەگرترێ.

نموونە: [ هەژار شاعیری پایەبەرزی کورد ] ژیانێکی هەژارانە، بەڵام پر لە ئەوینی تێپەڕ کرد.

**تەقەڵ یان خەتی نێوان –**

ئەو نیشانەیە بۆ جیا کردنەوەی دوو ڕستەی جیاواز لە یەکتر دەکار دەکرێ کە لە بنەڕەتەوە لە گەڵ یەکدی جیاواز و سەربەخۆ بن. بەڵام جاری وایە پێویستە هەردوو لە پەنا یەک و بەیەکەوە لە نووسراوەکەدا بەکار بهێنرێن. جاری واشە هێنانەوەی ڕستەیەک لە ناو ئەم نیشانەیەدا بە مانای ئەوەیە کە نووسینەوەی ئەو ڕستەیە لە ناو نووسراوەکەدا گرینگێکی تاتیبەتی نیە و دەرهاویشتنی ڕستەکە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە گەیاندنی مانای چەمکەکەدا بەدی ناهێنێت.

جاری واش هەیە تەقەڵ دەبێتە خەتی پێوەندی نێوان دوو ژمارە.

نموونە: بۆ ئەوەی ئێوەی خوێنەر _ کە تازە فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون _ لە گەڵ مێژووی وێژەی کوردیش ئاشنا بن، دەقە کوردیەکانمان بەم جۆرە هەڵبژاردووە.

15–19 بەمانای ئەوەیەکە ژمارەکە لە پانزەوە دەسپێدەکات و لە نۆزدە کۆتایی پێدێت.

Copyright © Kurdi.fi